# هەر بەندەیەک کە خوای گەورە بیکاتە دەسەڵاتدار بە سەر کۆمەڵێکەوە، وبمرێت لە ڕۆژێکدا کە فێڵی کردبێت لە ژێر دەستەکانی؛ ئەوا خوای گەورە بەهەشت لەسەر ئەو کەسە حەرام دەکات

لە مەعقیلی کوڕی یەساری موزەنیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «هەر بەندەیەک کە خوای گەورە بیکاتە دەسەڵاتدار بە سەر کۆمەڵێکەوە، وبمرێت لە ڕۆژێکدا کە فێڵی کردبێت لە ژێر دەستەکانی؛ ئەوا خوای گەورە بەهەشت لەسەر ئەو کەسە حەرام دەکات».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات هەریەکێک خوای گەورە کردبێتی بە فەرمانڕەوا یان بەرپرسیار لەسەر خەڵکی، ئەگەر بەرپرسیارێتیەکە گشتی بێت وەکو ئەمیر، یان تایبەت بێت وەکو پیاو یان ئافرەت لەماڵی خۆیدا، ولەم بەرپرسیارێتیە کەمتەرخەمی بکات، وفێڵیان لێبکات وئامۆژگاریان نەکات، ومافە ئاینی ودونیاییەکانیان پشتگوێ بخات وبەفیرۆی بدات، ئەوا شایستەی ئەم سزا توندەیە لەڕۆژی قیامەتدا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5335

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee